## ماوسێکی نوێ... دەشۆردرێت!



کۆمپانیای بیلکین (BELKIN)ی ئەمریکی ماوسێکی نوێی داهێنا، کە بە شوشتن پاك دەکرێتەوە، بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی بە ئاسانی کار دەکات، دەتوانرێ لەسەر رایەخ و تەختە بەکاربهێنرێ، ئەم بەرهەمە لە سەرەتای مانگی ئاب بە نرخی (٢٩،٩٩ ) دۆلار لە بازاڕەکان دەست دەکەوێ.


## باڵای منداڵانی پیتێنراو لە منداڵانی سروشتی درێژترە



زانایانی نیوزلەندی روونیان کردەوە، ئەو منداڵانەی لە رێگای پیتاندنی دەستکرد لە دایك دەبن، درێژیان زیاترە لەو منداڵانەی بە شێوەیەکی سروشتی لە دایك دەبن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کێشە لە ماوەی درووست بوونیان. پزیشك (واینی کتفلید) لەگەڵ هاورێکانی لە زانکۆی ئوکلاند لێکۆلینەوەیان لەسەر شەستو نۆ منداڵ بە شێوەی دەستکرد لەدایك ببوون، بە بەراورد لەگەڵ حەفتاو یەك منداڵ بەشێوەی سروشتی لەدایك بوو، تێبینی ئەوەیان کرد سێ (سم) درێژترن.

له ئینتەرنێتەوە

## نامەیەکی خۆشەویستی نرخی ( ١٠٠٠ ) یۆرۆیە



Nice le 10 germinal

فرۆشتنی نامەیەکی خۆشەویستی لە ناپلیۆن بۆ جۆزفین، پێش ئەوەی ببێتە هاوسەری، پێنج ئەوەندە زیاتر لەو نرخەی کە بۆی دانرابوو، لە هەراجێکی ئاشکرا تایبەتمەند کرابوو بۆ فرۆشتنی ئەم جۆرە نامانە، لەلایەن کەسایەتی مێژوویی نوسرابوون، لەماڵی کریستیز لە لەندەن یەکێك لەو سێ نامانەی بۆ جۆزفینی ناردبوو فرۆشرا، بەنرخی (٢٧٦)هەزار جونەیهی ئەستەرلینی کە دەکاتە چوار سەدو نۆ یورۆ یان(٥٥٧) دۆلار، لە نامەکەی نوسرا بوو، سێ ماچت بۆ رەوانە دەکەم یەکێك بۆ دڵ ، یەکێك بۆ لێوەکانت، ئەویتریان بۆ چاوەکانت.

## لەزگەیەك بۆ وروژاندنی سێکس

لەشاری میلانۆی ئیتاڵی چارەسەرێك بۆ ئەو ژنانە دۆزرایەوە کە ئارەزووی سێکسیان لاوازە، ئەم چارەسەرە بۆ ئەو ژنانە بەکاردەهێنرێت، کە هێلکەدانیان دەرهێناوە، چارەسەری هۆرمۆنی وەردەگرن، ئارەزووی سێکسیان لاوازە، ئەم لەزگانە ماددەی تیستیرۆن لە پێکهاتەکەی دایە، لەلایەن رێکخراوی دەرمانسازی ئەورووپی ئیمیا لە بەریتانیا و ئەڵمانیا فرۆشراوە، ئێستا هەڵمەتی فرۆشتنی لە ئیتالیا دەستپێکراوە، لەقووتوێك هەشت لەزگەی تێدایە، لە هەفتەیەك تەنها دوو دانە بەکاردەهێنرێ، بەڵام سوودی نیە بۆ ئەو ژنانەی کە بە سروشتی بێنوێژیان دەوەستێ.

## ئارایشتکردن لە هاویندا



١- بەکارهێنانی کرێمی دەوڵەمەند بە ماددەی دژە چەوری لە جۆری لۆریال، ئینجا دانانی چینێکی تەنك لە کرێمی ئەساس.

٢ـ شاردنەوەی زیبکەکان، رەشایی ژێرچاو و ئەو شوێنانەی کە رەنگیان جیاوازە، بە بەکارهێنانی کرێمی شاردنەوەی شاشیەکان (عەیبەکان) یان بە بەکارهێنانی پێنووسی شاشیەکان.

٣- بەکارهێنانی رەنگی پشتە چاو نزیك لە رەنگی پێست یان وەك رەنگی پێست.

٤- بەکارهێنانی کرێمی روومەت، رەنگی پەمەیی کاڵ.

٥- بەکارهێنانی سوراوی لێو، رەنگی پەمەیی بریقەدار.

٦- دوو کاتژمێر جارێك ئارایشت نوێ بکرێتەوە، بە تایبەتی لێوو روومەتەکان.




# مادۆنا و شاکیرا و سیلین دیۆن بەیەکەوە گۆرانی دەڵێن

مادۆناو شاکیراو سیلین دیون بەبەشداری بیست کەس لە ناودارانی مۆسیقاو گۆرانی، گۆرانییەك پێشکەش دەکەن، کە قازانجەکەی بۆ پرۆژەی خێرخوازیە.تێکستی گۆرانییەکە(ئانی لینوس) نووسویەتی، گرنگی گۆرانییەکە لەوەدایە کە ئەو ئەستێرانەی لەبواری مۆسیقاو گۆرانین لەچەندین وڵاتی دونیاوە هاوئاهەنگن بۆ هاوکاری خێرخوازی کە بڕیارە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ پێشکەشی بکەن.

لە ئینتەرنێتەوە

# ئەستێرەی بەخت


**کاور** ٣/٢١ ـ ٤/١٩

هەوڵدە باری دەرونیت سەقامگیر بکەی پێش ئەوەی دەست بەجێ بەجێ کردنی پرۆژەکەت بکەیت.


**گا** ٤/٢٠ ـ ٥/٢٠

ئەم ماوەیە هاوڕێیەکی دێرینت دەبینیو کارێکی بازرگانی بەیەکەوە ئەنجام دەدەن.


**دوانە** ٥/٢١ ـ ٦/٢٠

خۆشەویستەکەت پێویستی پێتە هەوڵدە زیاتر ئارامو هێمن بی لەگەڵیو چارەسەری کێشەکەی بکە.


**قرژاڵ** ٦/٢١ ـ ٧/٢٢

بڕیاری بەپەلە مەدە لەئیشی ڕۆژانەت ، ئاگاداری باری سۆزداریت بە.


**شێر** ٦/٢٣ ـ ٨/١٢

لەڕووی بازرگانیەوە کاتەکە لەبارە، پێویستیت بەهاوکاری دەوروبەرتە هەیە.


**فەریك** ٨/٢٣ ـ ٩/٢٢


ئەوەندە دوو دڵ مەبە لەهەر کارێك کە دەیکەیت بروا بەخۆبون سەرەتای سەرکەوتنە.


**تەرازوو** ٩/٢٣ ـ ١٠/٢٢

لەرووی داراییەوە وەزعت بەرەو باشی ناچێ تاخاوەنی ئەو بیرە تەسکەبی کەتۆی بەند کردووە.


**دوپشك** ١٠/٢٣ ـ ١١/٢١

ماوەیەکی تر کێشەکانت چارەسەر دەبن، هەوڵدە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ روداوەکاندا بکەی.


**کەوان** ١١/٢٢ ـ ١٢/٢١


پێویستیت بە پشودانە بۆ ئەوەی چیتر توشی نەخۆشی لەبیر چونەوە نەبی.


**گیسك** ١٢/٢٢ ـ ١/١٩

لەرووی سیاسیەوە هەنگاوی باشت بریوە، لەخۆبایی بونت هەرەست پێ دێنێ.


**سەتڵ** ١/٢٠ ـ ٢/١٨

هێمنو لەسەر خۆبە لەناو خێزان، کێشەکانت چارەسەر دەکەی، بەزیرەکی خۆت دەتوانی بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بی.


**نەهەنگ** ٢/١٩ ـ ٣/٢٠

پێویستە گۆرانکاری لەژیانی رۆژانەتدا بکەی، باری داراییت بەرەو پێش دەروات .